زیاتر لە پێنج هەزار و ٨٠٠ حاڵەتی جیابوونەوە لە عێراق لە ماوەی یەک مانگدا تۆمار دەکرێت

ئەمڕۆ چوارشەممە، ئەنجوومەنی باڵای دادوەری ئاماری ژمارەی حاڵەتەکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی بە مانگی تشرینی دووەم ڕاگەیاند.

ئەنجوومەنەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبع کەوتووە، دەڵێت: کەی گشتی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری بە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو گەیشتووەتە ٢٦ هەزار و ١٢٩ گرێبەست، لەکاتێکدا حاڵەتەکانی جیابوونەوە ٥ هەزار و ٨٠٥ حاڵەت بووە لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، جگە لە هەرێمی کوردستان".

بەیاننامەکە ئاوڕی خستووەتەوە: "بەغدای پایتەخت لە پێشەنگی لیستی گرێبەستەکانی هاوسەرگیری و حاڵەتەکانی جیابوونەوە دێت، بەجۆرێک سەرکایەتی دادگای تەهەچوونەوەی بەغدا/ڕۆسافە (٣٩٦١) گرێبەستی هاوسەرگیری و (١٢٣٩) حاڵەتی جیابوونەوەی تۆمارکردووە، هاوکات دادگای تەهەچوونەوەی بەغدا/کەرخ (٣١٣٢) گرێبەستی هاوسەرگیری و (٩٢٠) حاڵەتی جیابوونەوەی تۆمارکردووە، لەدوای ئەوانیش سەرکایەتی دادگای تەهەچوونەوەی نەینەوا دێت کە (٢٨١٩) گرێبەستی هاوسەرگیری و (٣٨٩) حاڵەتی جیابوونەوەی تۆمارکردووە".